# ديموكراسى يەتى جيهانى ئەمرۆ !

## ((عێراق وەك نمونەيەك ))


**نوسينى**

**شەوكەت عبدوالفتاح** shawkt19682000@yahoo.com

**حەسەن حسێن** hasan0156@yahoo.com

**عومەرمحەمەد** omer_m0287@yahoo.com


ئەم نوسينە

بەر ئەنجامى ئێواره گفتوگۆيەكى سادەى نيوانمان بوو سەبارەت بە هەڵبژاردنەكانى عێراق‌وكوردستان,كە هەرسێكمان هاوڕابووين لەوەى هەڵبژاردن دەبێتە گەمەيەكى تر و لەژێر دەمامكى ديموكراسيدا شكستێكى‌ترى كێشەى ڕەواى خەڵكى كوردستانى لێدەكەوێتەوە, ئيدى خۆمان بە بەرپرسيارزانى لەئاست وەها قۆناغێكى هەستياروچارەنوس سازدا, تا سەرئەنجام كۆى تێڕوانينەكانمان ئەم نوسينەى لێكەوتەوە ,بە ئومێدين ئەگەر زۆربەكەميش بێت,تروسكاييەكمان گەياندبێت.

(حكومەتى خەڵك,بەدەستى خەڵك ,بۆخەڵك)

ئەبرهام لينكۆڵن

سياسيەكان بەرلەوەى بگەنە كورسى دەسەڵات, بۆگەيشتن پێى سوودێكى زۆريان لەو ووتەگشتگيره بينوەوبەدەربڕين‌و دەستەواژەى جۆراوجۆر و بەشێوازى جياجياش چەمك‌وواتاى تايبەتيان لێ داتاشيوە. ئەوە بۆهەموولايەكمان ئاشكرايە كەدەوڵەت‌و دەسەلآت دووچەمكى بنەڕتى سياسەتن‌وسياسەتيش بۆخۆى جگەلەوەى كانونێكى گرنگى چالاكى هۆشمەندانەى مرۆڤە, بە شێوەيەكى توندوتۆلێش بەژيانى رۆژانەى تاك‌وكۆمەڵەوە گرێدراوە, واتا سياسەت‌و چالاكيە سياسيەكان‌و ئامانجى كۆتايى سياسەت, ڕاستەوخۆ كاريگەرييان لەسەر ژيانى كۆمەڵانى خەڵك هەيە, ديارە ئەمە پێچەوانەكەشى هەر ڕاستە. هەربۆيەشە هێزەسياسيەكان بۆگەيشتن بە دەسەڵاتى سياسى, كۆمەڵگا دەكەنە خاڵى بنەڕەتى لێكدانەوەكانيان, بەو نيازەى لە وێوە بچنە نێوبازنەى دەسەڵاتەوە, بەڵام بەديوەكەى تردا ئەوە مرۆڤوهۆشيارىيە كۆمەڵايە تيەكەيەتى كە دەكرێنە پردى پەڕينەوەى كەمينەيەكى كەم بۆ گەيشتن بەكورسيەكانى فەرمان ڕەوايى, ئەمە سەرەڕاى ئەو ڕاستى يەى كەهەميشە ئامرەزاكانى چونە سەركورسيى دەسەڵاتيش ڕاپەرين‌وهەڵچوونە جەماوەريەكان, ياخود شۆڕشەكان بوون`بەڵام سەرئەنجام لەبرى ئەوەى حكومەتى خەڵك واتە حكومەتى بەرژەوەندى زۆرينەى خەڵك پێكبێت‌و ڕەزامەندى گشى بۆخۆى مسۆگەربكات‌وخەڵكيش لەدەستكەوتەكانى حكومەتى خۆى بەهرمەند بێت, بە پێچەوانەوە دەبێتە حكومەتى دژى خواستە سەرەتاييەكانى خەڵك‌و كەمينەيەكى فەرمان ڕەوا لەسەروو خەڵكەوە هەموو بەرژەوەنديەكان بۆ خۆى پاوان دەكاو بەمەش جەماوەر لەبەشدارى هەمەلايەنەى قوڵ‌و ڕاستەوخۆ لەدامەزراوە حكوميەكان بێبەش دەكات, ئەوسا مەگەر بەپرۆپاگەندە دەنا نەحكومەت لەدەست خەڵكدادەبێ‌ونەهى خەڵكيش, وەها حكومەتێكيش هەرچەندە پروپاگەندەكانى گەرموو گوڕبن بە دەستەواژەى يەكسانى‌و دادپەروەرى‌وديموكراسى‌و مافى مرۆڤ, لە پروپاگەندە زياتر هيچ دەستكەوتێكى ئەوتۆى پێنابێت كەبە لاى بەرژەوەندى گشتى كۆمەڵانى خەڵكدا بشكێتەوەو هەرجۆرە ئومێدێكيش جگە لەخۆشخەيالى‌و فريودان هيچى ترى لێ سەوز نابێت. ئەى كەوايە ديموكراسيەت چيەو لەكوێى كۆمەڵگادا لەنگەر دەگرێت؟ مەگەر بەشدارى ڕاستەوخۆى هاولآتيان لەبەردەم سندوقەكانى دەنگداندا, واتاى دياريكردنى شێوەى پێكهێنانى حوكمى ديموكراسى ناگەيەنێ ؟ مەگەرديموكراسيەت‌و هەڵبژاردنى ديموكراسيانە, بەماناى حوكمى ديموكراسيانە نايەت؟ بێگومان دەبێ وابێت: ئەى ئەوە نيە جيهان ڕێچكەى ديموكراسيەتى گرتووەو حوكمە ديكتاتۆرى‌و تۆتاليتاريەكان بەركەنار خراون‌و جێگەوپێگەيان لەكۆمەڵى نێودەوڵەتى‌دا لە لاوازيدايەو بگرە بەرەو ئينقرازيش دەچن؟! بۆيە دەبێت تۆش باوەڕ بەم بيرو بۆچونانە بێنيت دەنا شەمەندەفەرى تيژتێپەڕى ديموكراسيى بەلاتدا گوزەردەكات, بێئەوەى ئاوڕت لێبداتەوە بەجێت دەهێڵێت,دواجاريش بەولۆژيكە ديموكراسيەى كە تۆوى تۆتاليتارى لەگەڵ خۆى هەڵگرتووە پێت دەڵێت : ( ئەگەرلەگەڵم نيت ,دوژمنيت) نەك هەركالآى كەسێكى ناديموكراسيت بەبەردا دەبڕن, بەڵكوبە توندڕەوێكى دژى ديموكراسيش ناوزەدت دەكەن ..بەهەرحاڵ ديموكراسيەتيش بەپێى تێگەيشتن‌وباوەڕە جياجياكانى دنياى ئەمرۆش بەتەنها شوناسێكى سياسى نيە, كەگروپ‌وكۆمەڵگە جياوازەكان هەڵيبگرن, بەڵكو ئەويش كۆدێكە بۆچونە ناودنياى هاوچەرخەوە, كۆدێكە بۆقبوڵ كردن لەدنياى ئەمڕۆدا, بەپێچەوانەشەوە نەبوونى ئەم كۆدە دەبێتە مايەى چارەگرانى‌و پەراويزخستننت لەديدى كۆمەڵگاى تاك ڕەهەندوباوەوە, بەڵام نابێت ئەوەمان لەبير بچێت نەك هەركۆدەكە بەڵكو سەرجەم سياسەتى جيهانگيرى باوەڕهێنانە بە بايەخە سياسيە ناجێگيرەكانى ئەمريكا, بەشێوەيەكى ڕوونتر بڵێين باوەڕهێنان بە سياسەتى ناجێگيرى ئەمرۆى ئەمريكا بە بيانوى ئەوەى (ئەمە ئەمرى واقعە) جگە لەخۆگونجاندن‌و چاوپۆشين لە ناعەدالەتى كۆمەڵايەتى هيچى ترنيە,كارەساتەكەش لەوەدايە كە (ديموكراسى بوون‌ودژە ديموكراسى بوونى تۆ) بەوەدا دەناسرێتەوە كە تا چەندە هاوپەيمانى ئەمريكايت و چەندە دژييت , هەرئەمەشە مۆڵەتى ئەوەت دەداتێ كە لەگەمەى هەڵبژاردنى ديموكراسييانەدا بەشداربيت يان نا ,

لە سيستمى ليبرال ديموكراسيەكانيشدا,كەوا ڕادەگەيەنرێت لە پێشكەوتووترين جۆرى ديموكراسييەكان بێت! بەتەنها مافى هاوڵاتى,لە هەڵبژاردنى فەرمانڕەواكانى خۆيان دابين دەكات, نەك ئەوەى كە هاوڵاتييان ڕاستەو خۆ ئاراستەو هەنگاوەكانى دەوڵەت ديارى بكەن. ئەمە بەكەم گرتن‌و سوك تەماشاكردنى گرنگيى رۆڵى مرۆڤە! چونكە وەها پرۆسەيەك بەناوى ديموكراسيەتەوە مرۆڤ لە بونەورێكى چالاك‌وهۆشيارى ناو مێژووەوە دەكاتە تاكێكى ئاڕاستەكراو, دەيكاتە تەنها دەنگدەرێكى ڕووكەش‌وبەس, ئەم حەقيقەتە زۆرتێڕامانى ناوێ كە هەموو سيستمە ديموكراسيەكانى دنياى ئەمرۆ هەرئەوەندە بەشايستەى مرۆڤ دەزانن‌ولەوەندە زياترى پێڕەوانابينن! دەتوانين زۆر دوورنەڕۆين‌و تەماشايەكى ئەزموونى ديموكراسى كورد بكەين كە هەندێك كەسى رۆشنبير ڕووكەشانە و هەندێكيشيان بەمەبەستەوە بەئەزموونێكى بێ وێنەى رۆژهەلآتيان دەزانى ! لەكاتێكدا خەڵكى كوردستان تازە لە چنگ ڕژێمى ديكتاتۆرى بەعس رزگارى بووبوو تۆى ئومێدێكى نوێ لەدڵ‌ودەروونى تاكى كورد چەكەرەى دەكرد, چاوەڕوانى گۆرانكارى هەمەلايەنەى ئابورى-سياسى كۆمەڵايەتى‌ورۆشنبيرى بوون, كەچى لەپاش هەڵبژاردنيش سەرەڕاى پرۆپاگەندەو

بەڵێنێکی زۆریش کەپێش هەڵبژاردن بەخەڵکی کوردستانیان دابوو, لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیاندا هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان گوێیان بەهیچ بەهایەکی دیموکراسی نەداوهەرزوو بارودۆخیی سیاسی کوردستانیان بەبارێکی ناتەندروستو ناهەمواردا وەرچەرخاندو کەمینەیەك بەناوی شۆڕشگێرونوێنەرایەتی کوردەوە (ئێستاشی لەگەڵ بێت) لەسەروو دەوڵەمەندیەوە دەژیانو بەشی زۆری خەڵکی کوردستانیش لەخوارهەژاریەوە ژیانیان دەگوزەران! جائەگەر ئەمە نمونەی سەرکەوتووی ئەزموونی دیموکراسی بێت, ئەی دەبێت ئەزموونە سەرنەکەوتووەکەی چۆن بێت ؟! ئەوخەڵکەی کە ساڵی 1992 بەوپەڕی دڵگەرمیوئومێدەوە چووە بەردەمی سندوقەکانی دەنگدان وبەهیواى بەهەشت بوون, ڕەنگە هەرگیز بەبیریان دانەهاتبێ دەنگی ئەوان دەبێتەمایەی شەڕیکی خوێناوی واکە ئامادەبن لەدژی یەکتری هێزە ئیقلیمیەکان بهێننە سەریەکتری بەحزبی بەعسی دیکتاتۆریشەوە کە لە31ی ئابی 1996دا بینیمان, شەڕێك کە تا پاش روخانی بەعسیش پشکۆکانی لەژێرەوە هەرگەش بوون, شەڕێك کە تائەمڕۆش چارەنوسی هەندێك لە دیلەکانی تێداوونن!! ئێستا لەکوردستان کەسێك نادۆزیتەوە پێی وانەبێت بە بەشداری کردنی لە هەڵبژاردنی ساڵی 1992 ی پەرلەمانی کوردستاندا هەست بەپەشیمانی نەکاوئەوڕاستیەش نەسەلمێنی کەدەنگی ئەو خێری دیموکراسی لێنەکەوتەوە, بەڵکو شەڕی نەگریسی ناوخۆی گەرمتر کرد, دەنگی ئەو نەبووە مایەی حکومەتێکی دیموکراسی کە بە چاوی عەدالەتویەکسانیەوە بڕوانێتە خەڵکی کوردستان, بەڵکو هەژارانی هەژارترو کرێکارانی بێکار ترو بیکارانیشی نابووت ترکرد, لەولاشەوە تاوانبارانی پارێزراوترو سەروەتوسامانی دەوڵەمەندانیشی هەورازتربرد,دەنگدان چەندە بێخێر بۆ دەنگدەران گەڕایەوە دە هێندەش خێری بۆ ئەو لستوکەسایەتیانەدایەوە کە بەرانبەر دەنگی هاوڵاتیان ئەوپەڕی نامەسئول وبێ دەربەست بوون, بێ دەربەستیەك کە هەرگیز مێژوو لێی خۆش نابێت ,لەکاتێکدا خەڵکی کوردستان خەریکی گژووگیا خواردن بوون هەردوولستی حکومەتی هەڵبژێردراو لەسەرداهاتی گومرگەکان خەریکی شەڕبوون!! لەکاتێکدا مامۆستایان درووشمی (سەرنەوی نەکردن بۆموچەی رژێم)یان بەرز کردبووەوە,سەرمایەدارەحزبیەکان نرخی بەرزی کاڵاکانیان نەوی نەدەکرد, لە کاتێکدا خەڵکی بەهیوای بنیاتنانەوە بوون , حزبەکان تەواوی کارگەوپرۆژە حکومیەکانیان کردە ئەهلیوبەرپرسە باڵاکانی حزب بوونە خاوەنیانو دیاردەی کۆمپانیاکانیان کردە سومبلی بنیاتنانەوە!!, لێرەدا قسەلەسەر ئەو وەهمانەنییە کە بەهەڵبژاردنەوە دەبەسترێنەوە بەڵکو قسە لەسەردەنگدانی هاوڵاتیە, قسە لەسەر رۆڵی هووشیارانەی هاوڵاتیە لە بنیاتنانەوەی کەسێتی خۆیدا, دەنا خەیاڵی هاوڵاتیوخەیاڵی فەرمانڕەوایی لە کۆمەڵگەیەکی داخراودا لێکەوەدوورپێکەوە نامۆن.قسە لە لۆژیکی گەمەیەکە کە بۆبردنەوەی دەنگەکان ئامادەیە هەموو بەڵێنێك بەدەنگدەربدا بێئەوەی دەنگدەر هیچ بەڵێن نامەیەکی پێ مۆرکردبێت دەنگدەرێك ترساو لەپرسی ئایندە! دەنگدەرێك, کە گەمەکانی پێ دووبارەو چەندبارە دەکرێتەوە بێئەوەی لە ئەنجامی دۆراوەکان بپرسێتەوە لەکاتێکدا دۆڕاوی یەکەم خۆیەتی نەك لستێکی دۆڕاو, چونکە دواجار دیموکراسیەتو هەڵبژاردنی بەناو دیموکراسیانە گەمەیەکە بۆ بردنەوەی دەنگەکانوگەیشتن بە کورسی فەرمانڕەوایی, لە وەها گەمەیەکدا ئەوهێزە نابێتە دۆڕاو کە دەنگەکان ناباتەوە ,بەڵکو دۆڕاوی ڕاستەقینە ئەو جەماوەرەیە کەبە ئومێدی ئایندەیەکی یەکسانو ژیانێکی ئارام وبێشەڕوشۆڕ کارتێك دەخاتە سندوقێکی بەتاڵەوە کە خاڵیە لەئومێدەکانی ئەو, خاڵیە لەو وەهمەی ئەمی پەلکێش کردۆتە ناوگەمەیەکی سیاسیەوە , کەنەك بەرژەوەندی ئەمی تێدانیە بەڵکو ئیرادەو چارەنوسیشی دەخاتە بەردەمی ئەگەری ئایندەیەکی نادیارەوە.

## هەڵبژاردنەکانی عێراق

### ئەزموونێك لەڕابووردوو, وانەیەك بۆداهاتوو.

هەرلەبەرایدا نیگەرانیو نارەزاییەتی‌یەکی زۆر لەمەڕ هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبینین, ئەمەش هەروا قسەیەکی بێبناغە نیە بەڵکو لە ماڵپەرورۆژنامە ئازادەکان بەئاشکراو بەڕوونی نیگەرانیەکانو هۆکارەکانیان لەدیدوتێڕوانینی رۆشنبیراندا دەخوێنینەوە, ڕاستە ڕەنگە کەمێکیان نەبێت زۆربەیان لەگەڵ تێڕوانینو سەرنجی ئێمە هاوجووت نەبن ,بەڵام لەگەڵ هەمووئەوانەشدا دەنگی نارەزایینو هەریەکەیان لەگۆشەنیگایەکەوە تەماشای هەڵبژاردنەکانو پێشهاتو ڕووداوەکان دەکات, لەسەرجەمی ئەو هەمووبیروڕا تێك ئاڵاوانەدا گەلێك تەرحی جوانوبیروڕای لۆژیکی ئامادەنوبە پێچەوانەشەوە بیروڕای تاریكو ناواقیعی وبگرە شۆڤینیەکنیش بێدەمامك قسەی خۆیان دەکەنوئەم شەپۆلیقسەکردنەش تادێ هەربەردەوامە, کەچی چ لەکوردستانو چ لەعیراق کە بڕیار وایە لەمەولا دیموکراسیی بێت!! ,بەتەنها نوسەرو ڕۆشنبیران بایەخ بەنوسینو قسەکانیان نادرێت, هیچ لایەنێکی دیموکراسی! نیە بپرسێت ئێوە بۆ نارازینو بۆچی توڕەییتان پێوە دیارە؟ ئەگەر ئەمە بەناوی بیروڕای جیاوازەوە بەحاڵەتێکی سادەو ساکار وەربگیرێ, بەڵام ئەوە نائاساییەو مایەی هەڵوێستە کردنە کەبەمەجلیسی گەرموو گوڕی حزبەکانەوەدیارە کە چۆن دیوەخانی هەردوو حزبی کوردیش لەهەمووان گەرمتروڕازاوەترە بۆ سەرۆك خێڵو شیخ العشیرەی نەتەوە جیاجیاکانی عیراق!! ئەمەش هەروالە خۆڕاوبێبناغە نیە بەڵکو ئەم ماستەش تاڵە موویەکی سیاسی تێدایەو دەرکەوتنی نیشانەیەکی داهاتووە, کەدیسانەوە عیراقی پاش سەدام حوسین هەرچەندە ناوی دیموکراسیشی پێوەبێ لەدیدی سیاسەتمەداری عیراقیەوە هێشتاوەختی ئەوەنەهاتووە ببینە وولاتێکی دیموکراسی, بەڵکو دەبێت ئەمیش قوناغی ساوایی تێپەڕێنیو حکومەتی ساواش بێگومان پێویستی بەباوکی کاراودڵسۆز هەیە,ئەگەر سیستمیش باوکانەبێت ئەوا بەڕۆشنبیری دەمڕووت! ئەم ئەزموونە سەرناکەوێ, کەواتە دەبێت زەمەنێکی تریش شێخومشایەخو پیاوانی ئاینیو پیاوماقوڵانی نیشتمان پەروەر بێنەوە پێشیو جڵەوی ئەم وەزعە ناسکە بگرنەوە دەست. ( وەك بڵێی دەسەڵات بەوان نەبێت بەڕێوەناچێ !) لەلایەکی تریشەوە نارەزایەتی رۆشنبیرانو خەڵکی کوردستان فاکتەرێکی دەگەڕێتەوە سەر ئەزموونی تاڵی دەسەڵاتداریتی هەردوو حزبە زلهێزەکەی کوردستانو لەدەست دانی متمانەی خۆیان,بەتایبەتی پاش ڕوخانی ڕژێمی بەعسو شەرمنییان لەئاست ئەمریکاو شۆڤێنیزمی عەرەبیودڵڕەقیان لەگەڵ خەڵکی کوردستان ئەم بێباوەڕیەپێیان ڕونتر دەردەکەوێت , بەڵام لەڕاستیدا هەردووحزبەکەی کوردستانوتەنانەت حزبەبچوکەکانی تریش کە لە دەرەوەی لستی هاوبەشدان پرۆژەی سیاسییان نییە بۆدیاری کردنیمافی چارەنوسی خەڵکی کوردستان, چونکە لەڕاستیدا هەوڵی حزبی کوردی تائەم چرکەساتەش دیاری کردنی مافی چارەنوس نیە, بەقەد ئەوەی هەوڵەکانیان ,تەنانەت شەڕودانوسانەکانی پیشووتریشیان بەدەوری ئامانجێکی تردا خولاوەتەوە کە ئەویش لە وەرگرتنی پشکێك لەحکومەتی ناوەندی عێراق تێنەپەڕیوە, وەك دەبینین ئەوان هەمیشە دروشمی یەکپارچەیی خاکی عێراقو جیانەبوونەوەیان بەرزکردۆتەوە, ئەمەش لەگەڵ خواستو بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان ناکۆکو لەگەڵ بیری شۆڤێنزمی عەرەبیوتەنانەت دەوڵەتە ئیقلیمیەکانی تریش وەك تورکیاوئێران هاوجووتوتەبایە. هەروەك خەڵکی کوردستان ئەوەی بینی کە حزبە تەقلیدیەکانی کوردستان بەکردەوە لە ژێرپەردەی نوێنەرایەتیو حوکمڕانی خۆیاندا چەندساڵێك یاری بەچارەنووسی کۆمەڵگەی کوردی دەکەنو هەمووکایەکانی سیاسەتودەسەڵاتیان ئیحتیکار کردووە وهەنگاوە تاکتیکیەکانیشیان, هەربەو نیازەیە لە ئایندەدا, هەروەك لە بڕیاری یەك لیستیو پێکهاتنەوەی ئەمجارەیاندا بەڕوونی دەردەکەوێ, کە خۆیان وەك دەسەڵاتی ئەبەدی پیشنیاز کردووەویەکدوو کورسی لە رزۆکیشیان وەك خێرپێکردنێك بەحزبەکانی تر ڕەوابینیوە, دەنا هەڵبژاردن چ واتایەکی نەماوەتەوە چونکە ئەوان پێش وەخت براوەودۆراویان تاوو تۆێ کردووەو دەنگدانیش دەبێتە سیناریویەکی عەنتیکە.ئیدی ئەوانەشی بەجیا دادەبەزن یان لەپاڵ ئەواندا هیچ لە ناوەرۆکی سیناریوی هەڵبژاردنەکان ناگۆڕێو سەرەنجام هەرلیستی هاوبەش دەیباتەوە, ئەوەی گرنگە لەم تاکتیکەی حزبە دەسەڵاتدارەکاندا ئەوەیە کەلستی هاوبەش هەموولایەنەکانی تر دەخاتە پەراوێزەوە چونکە ئەگەر هەریەك لە

یەکێتیوپارتی ڕێژەیەکی بەرچاو لەدەنگدەرانیان هەبێت, ئەوا نابنە مونافیسی یەکتری, بەڵکو دوبەرانبەری هەموولایەنەکانی تردەبن لەوهەڵبژاردنەدا, ئەمە جگەلەوەی لستی هاوبەشو شێوەی دابەشکردنی کورسیەکان بۆماوەیەکی نادیارئەگەری شەڕی ناوخۆ دوادەخات, مەگەر حزبێکی تردەنگەکان بەرێتەوە کەئەمەش ئەگەرێکی دووروحساب بۆنەکراوە,خەڵکی کوردستان باش لەو ڕاستیە تێگەیشتوون کە ئەم دووحزبە دۆران نەلەبەرانبەریەکتریو نەلەبەرانبەر هیچ لایەنێکی تریشدا قبوڵ ناکەن, بەڵکو لەوەها حاڵێکدا میلیشیاولۆژیکی چەك دەبنەوە مەحەك , ئەمەش دیسانەوە لە هەلومەرجی ئەمرۆی کوردستاندا وەها شەڕێك زەمینەی لەباری بۆنارەخسێ چونکە لانی کەم ئەمریکا ڕێگای وەها شەڕیك ناداتە هاوپەیمانەکانی تا وەزعەکەی لێبشێوێنن,ئەوەشی ئەمرۆ پروباگەندەی بۆدەکەن گوایە لستی هاوبەشوڕیککەوتنیان لەبەرژەوەندی کوردە لە ڕاستییەوە دورە چونکە ئەم دووحزبە لەرابووردوودا ئەوەی ویستیان کردیانوئەوەی بەعس بەدرێژایی 35سالی دەسەلاتیخۆی فریای جێبەجێ کردنی نەکەوتبوو ئەمان لەکوردستان تەواویانکرد!! هەروەك لەشەڕی ناوخۆشدا ئەوەی بەلایانەوە گرنگ نەبوو بەرژەوەندی کوردوتەنانەت بەرژەوەندی حکومەتەکەی خۆشیان بوو بەڵکو ئەوەی لەسەروهەمووشتێکەوە حساب بۆکراو بوو بەرژەوەندی باڵای حزب بوو, هەروەك بینیمانوتائێستاش زەق بە بەر چاوانەوەیە ئەوەیە کە حکومەتو پەرلەمانیش موەزفێکی بێدەسەلاتی حزب بوون, حکومەت خاوەنی هیچ شتێك نەبوو, نەبڕیارونەداموەدزگای بڕیاردەر تانەت حکومەت خاوەنی رۆژنامەیەك, ڕادیویەکی لۆکاڵی ,تەلەفزیونێك نەبووئەگەر حزب خێری پێنەکردایە !! کەواتە لەپاش هەموو ئەوخروقاتە ترسناکانەوە چیەوایان لێدەکات کەلستی هاوبەش پێك بهێنن ئەگەربەرژەوەندی باڵای حزب نەبێت؟! لستی هاوبەش ئەو تاکتیکەیە کەلەسایەیدا دەتوانن هەندێك پڕوپاگەندەی چەواشەکارانە بکەن وەك : بەرژەوەندی باڵای میللەتو... شتی لەم جۆرە. ئەمە لەکاتێکدایە ئەگەری ئەوەهەیە ڕێژەیەکی زۆری خەڵك دەنگ نەدەنوخەڵکی گوڕوتینی ئەزموونی پێشوویان نیە بۆهەلبژاردنەکان, هەڵبەت دەنگ نەدانو بەشداری نەکردنی هەڵبژاردنەکانیش واتای وەرنەگرتنی شەرعیەتەوکە ئەمەش بۆئیعتباری دیموکراسی زیانێکی گەورە لە سومعەی سیاسی هەردولادەداوکاریگەری نێگەتیڤیشی لە سەر پرۆژەی ئەمریکادەبێت لە ناوچەکەدا ,بەتایبەتی بۆحزبە کوردیەکان کەئێستا پروپاگەندەی ئەوە دەکەنوخۆیان بەنوێنەری خەڵکی کوردستان ناوزەد دەکەن. بۆیە لستی هاوبەش هەرهیچ نەکات لانی زۆری لایەنگرانی هەردولا رادەکێشێتە بەردەم سندوقەکانی دەنگدان,سەبارەت بەکۆی گشتی خەڵکیش سەرەڕای ڕەخنەیەکی زۆریش لەدەسەڵاتی کوردی بەڵام هێشتا ئەم ڕەخنەیە وەرنەگەڕاوەتە سەرهەلوێستی چالاكوئەکتیڤ,هەلوێستێك کەببێتە بناغە بۆدروستکردنی رایگشتیوشەقامی کوردی و ببێتە فاکتەرێکی گرنگی وەرچەرخانی سیاسی لەناوچەکەدا, ئەم هەڵوێستە نێگەتیڤولەهەمانکاتدا پاسیفەش دواجار بەقازانجی دەسەڵاتی کوردیدا دەشکێتەوە, لەبەرئەوەی ئەو نارەزایەتیەی خەڵکی کوردستان لەلایەکەوە بەسیماوروخساری دیموکراسی ناوزەد دەکەنو ڕوخساری خۆیانی پێ ئارایشت جواندەکەنەوە, لەولاشەوە لەپەرشوبلاوی ئەودەنگەنارازیانە کەڵك وەردەگرنەوە, چونکە سەرەنجام نارەزایی پەرشوبلاو هەردرێژە بەدەسەڵاتی کۆن دەداتەوەونابێتە مایەی هیچ مەترسیەکی ئەووتۆ بۆکورسیەکانی دەسەڵات. بەڵام لێکدانەوەی بنەڕەتی لەم هەڵوێستەی زۆربەی خەڵك تەنها نیشاندەری ئەوەدەبێت کە متمانەی بەدەسەڵاتی ئێستاو ئاینده نابێتوهەرلە ئیستاولەڕەزامەندی گشتی بەهرەمەند نابێت ,واتە :

1. /نەمانی متمانەو ڕەزامەندی گشتی بەفەرمانڕەواکانی ئێستای دەسەڵات ئەویش لەئەنجامی ئەوئەزموونەوەیە کەخەڵکی کوردستان بەدەستیان هێناوە.
2. نەبوونی متمانەونیگەرانی لەئەنجامەکانی یەکەم هەڵبژاردن لەکۆماری دووەمدا * ,ئەمەش بەرئەنجامی سیاسەتوڕەفتارەکانی دەوڵەتی عێراقەوە دەرهەق بەخەڵکی کوردستان.

دیارە ئەمەش شەرعیەتی دەسەڵات دەخاتە ژێر پرسیارەوە,بەپێچەوانەی هەربانگەشەیەکەوە کە دەسەڵات خۆی تێدا بەشەرعی دەزانێت,( چونکە شەرعیەت پێشمەرجی دەسەڵاتەو لەسیستمی دیموکراسیشدا گرنگییەکی زۆری هەیە,لەبەرئەوەی دەسەڵاتی دیموکراسی لەسەر ڕازیبونی خەڵك بنیاتدەنرێت, بەپێچەوانەوە لەحاڵێکدا شەرعیەت ئامادەنەبێت حکومەت پشتگیری دەدۆڕێنێو لەحاڵەتی ئامادەنەبوونی شەرعیەتدا بەتەنها زۆرداری دەسەڵات دەهێڵێتەوە)( *) کەچی بەپێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیەتەوە لەساتەوەختی پاش ڕاپەرینەوە ئەم دووهێزەی لەکوردستان دەسەڵاتدارن بەزەبری چەك شەرعیەتی بەخۆی داوەو(ڕەزامەندی !!)بەدەست هێناوەوخەڵکی ناچارکردووە ملکەچی ستراتیژە نادیموکراسیەکانی بن, داخستنی شوراکان لەبەهاری ساڵی1991بەزەبری چەكوپاشتریش شەڕی ناوخۆی هەردووی حزبی دەسەڵاتدار کە کارەساتی گەورەیان تووشی خەڵکی کوردستان کرد,هێشتا نەچونەتە قوڵایی مێژووەوەو لەیادەوەریە نزیكوتاڵەکانی خەڵکی پاش راپەرینن, کەهەتا ئەمرۆش ئەولۆژیکە تۆتالیتارە لەبەرگی دیموکراسیدا بریار لەهەڵبژاردنەکانی داهاتو دەدا,لە کاتێکدا ئەمان جەخت لە هەلبژاردنەکان دەکەنەوە بۆبنیاتنانەوەی دەوڵەتی عیراق کە کتومت پێکهینانەوەی دەوڵەتە کۆنەکەی عێراقە لەفۆرمێکی تری سیاسیدا, کەئەمریکا خوازیارێتی لەزووترین وەختدا بەئەنجامی بگەیەنێ, کەچی حزبی کوردی بەگەرمییەوە بەپیر دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عیراقەوە دەرۆنوخەڵکی کوردستانی بۆ فریو دەدەنو جارێکی تر تەوقەکانی هاولاتی پلەدووی دەکەنەوە گەردن, عێراقێك کە بیری ناسیونالستی عەرەبی وئیسلامی لەنێوبەشە عەرەب نشینەکانی ناوەراستوخواروو سەرچاوەی نائارامی شەرِوتیرۆرەو بەم زووانە ئارامیودڵنیایی کۆمەڵایەتی لێ چاوەروان ناکرێ, چ بۆ کوردوچ بۆ لیبراڵو عەلمانیەکانی عێراقیش,چونکە ئەوە ئاشکرایە بارگاوی بوونی دەستوری ئاییندەی عێراق کەدواتریش دەبێتە هەمیشەیی بۆ بەڕیوەبردن, بەودوو ئایدۆلۆژیا دەمارگیرییەوە هەرگیز کوردوهیچ هێزێکی عەلمانی ترقەبوڵ ناکاو هەموولایەك تیایدا زەرەر مەند دەبن,لێرەدا مەبەست لەوە نیە کە هێزەکوردیەکان عەلمانین,بەڵکو دەمانەوێت بڵێین لەوەداکورد زەرەرمەند دەبێت کەعێراق سەرلەنوێ لەسەرپایەکانی شوناسی نەتەوەییوئاینی بنیات دەنرێتەوە شوناسی نەتەوەییوئاینی عەرەبیش هەروەك لەمێژوودا وابووە هەتا ئەمرۆ نەجیاوازی قبوڵ کردووەو نەبەتەماشە قبوڵی بکات, چونکە عیراق پەیوەندیەکانی بەکۆمەڵی وولاتانی عەرەبەوە (الجامعە الدول العربیە) درێژە پێدەداودەبێتە ئەندام تیایدا ئەویش رازی نابێت دەوڵەتێك بگرێتەخۆی کە ئیسلام تاکە دینی رەسمی دەوڵەتەکەی نەبێت, ئەم شوناسە ئاینیونەتەوەییەش هەتا ئەمرۆ یەکێك بووە لەفاکتەرە گرنگەکانی ململانێی خوێناوی لەعێراقدا, بەرزکردنەوەی تاکە شوناسێکی دیاریکراو وەك مادەیەکی رەسمی دەوڵەت پێچەوانەی بنەماکانی دیموکراسیەتو یەکتر قبوڵکردنە,بەمەش گوتاری عەلمانیەت تۆشی تەنگژەو لەمەنگەنەدانێکی تردەبێت,چونکە ئەوەی هەتا ئەمرۆ دیارە هەرئەوەیە کە عێراق سەرەڕای بوونی نەتەوەی جیاوازوبیروباوەری جیاوازوئاینومەزهەبی جیاواز سەرلەنوێ دەچێتەوە ناو کۆمەڵەی وولاتە عەرەبیەکانوکۆنگرەی وولاتانی ئیسلامی ئەمەش سەرچاوەیەکی نەهامەتیەکانو ونبوونی ئاسایشی کۆمەڵایەتی ئاینده دەبێ ولە هەمانکاتیشدا دەرفەتی مانەوەی کلتوری بەعسیزم لەعیراقدا سازدەکاتەوەو پرۆژەی لەبەعس خستن مایەپووچ دەکات, بەبروای ئیمە بۆئەوەی شەڕ لەسەر شوناس کۆتای پێبێت وعیراق درێژە بەو شەڕەنەداو لە مەولا ئارامی بەخۆیە ببینێ پێشوەخت پێویستە هێزەسیاسیە عیراقیەکان بەعەرەبوکوردونەتەوەکانی تریشەوە گوتارە سیاسیەکانی خۆیان بگۆڕنو بەئەندازەی پەیامی مرۆڤایەتی لەو لۆژیکانە خۆیان بەدووربگرنونەتەوەوگروپەکۆمەڵایەتیەکانیش ئەو غرورە وەهمیە بشکێنن کە گیرۆدەی بوونو جگەلەکاولکاریوشەڕ هیچی دیی بەرهەم نەهێناوە,غروری نەتەوەییودینی وەهمێکە دواجار سەرجەم بونیادەکانی کۆمەڵگا دەرۆخێنێوتەڕو ووشك دەسوتێنێ .

## شەرعیەتی یاساییودەستوری هەڵبژاردنەکان

ویرای ئەوئاستەنگولەمپەرانەی کە لەبەردەم دیموکراتیزە بوونی سیستمی سیاسی عێراقدان, هەڵبژاردنەکان ئەم دوو تایبەتمەندیەشیان هەیە.

1/ یەکێك لەپێوەرەکانی هەڵبژاردنی دیموکراسیانە ئەوەیە کە دەبێت بارودۆخی ئەو وولاتە لەڕووی ئاسایشەوە سەقامگیربێت تاکوو هەڵبژاردن بە بێگرفتی ئـەمنی ئامانجـەکانی بپێکێـت, بـەڵام بەپێچەوانەوە باروودۆخی سیاسی ئەمڕۆی عێراق جەنگێکی ئەهلی دان پێدانەنراوە, ململانێی خوێناوی لێرەولەوێی ڕۆژانەی نێوان هێزە داگیرکەرە هاوپەیمانەکان وتیرۆریزمی عـەرەبیو ئیسلامی بەناوی مقاومەوە ئەو سیناریو وکارەکتەرانەی کەلەپشت پەردەکانەوە خەریکی ئامادەکردنودەرهێنانن, بارودۆخێکی ئاڵۆزودژواری پێکهێناوەوئەمـەش ئارامیوئاسایشـی لەسـەرتاپای عیراقـدا تێکداوە,نەك هەرئەوەندە بەڵکو لەڕووی سیاسیوئابوریشەوە دیسان زەمینەی هەڵبژاردن نالەبارە, چونکە سەرەڕای زاڵبوونو باڵادەستی حزبو میلیشیاکانیان لەناوچـە جیاجیاکانداودابەشـبوونی عێراق بەسەرچەند کانتۆنێکدا یاساودەستوریش لەواقعدا بوونیان نەماوەولەشوێنی ئەوان بڕیاری مەکتەبی سیاسی حزبەکان کارپێکراون .ئەمەش بەوشێوەیەی ڕاستەوخۆو ناراستەو خۆبە قـازانجی (حزب) هەرحزبێکی دەسەڵاتداردا دەشکێتەوە لەناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیدا هەربۆیە دەشێت بڵێین هەرلەئێستاوە ئەنجامەکان ڕوونو ئاشـکران, ئەوەشـی بـەناوی هەڵبژاردنـەوە ئـەنجام دەدرێـت سنوری نمایشێکی ڕوکەشانە نابەزێنێ, هەروەك ئێستا دەبینین لەکوردسـتان پارتیویـەکێتی بـەم لۆژیکـە کاربۆهەڵبژاردنـەکان دەکـەن ئیـدی هەرلەبـەکارهێنانی سەرچـاوەکانی دارایـیو زەوی دابەشکردن و دامەزراندنەوە بۆکڕینی دەنگەکان تادەگاتە بەڵێنەکانی پاش هەڵبژاردنیش, تەنانەت کڕینـی ڕۆژنامەنوسـانو کەناڵـەکانیان بۆئـەم مەبەسـتە,ئەمـە جگـە لەبەگەڕخسـتنی دەزگـا مەرکەزیەکانی ڕاگەیاندن کە لەڕاستیدا هی حزبنوخۆیان بەکەنالی ڕەسمی ناویان دەبەن ,نەك هی حزب,ئیحتیکارکردنیان بۆ پەخشکردنەوەی سیاسەتەکانی حزب لەمەڕهەڵبـژاردن کەلەبنـە ڕەتـدا وبەپێی بانگەشەکردنی حکومەت ,دەزگاکانیان دەبوو لەلایەن خەڵکانی ترەوە سودی لێوەربگیرایە. بەبەکارهێنانی صلاحیاتی ئیداری لەلایـەن حکومـەتی مەکتـەب سیاسـیەکانەوە بۆدانـانی فشاری مەعنەوی لەسەرهاوڵاتیان ئەمانەو زۆری تریش کەبەرواڵەتوبەپێی بانگەشـەکان لەگـەڵ یاسـاکانی هەڵبـژاردنوبڕیارەکانی (کۆمیسـۆنی بـاڵای هەڵبـژارن ) نـاکۆکن ,بـەڵام لەناوەرۆکـدا ئەوەنیشان دەدەن کە دیموکراسیەت جگە لەکڕینوفرۆشی دەنگاکان هیچ واتایەکی تری بۆنامێنێتەوە. ئەوەی ئەمڕۆ زۆر پێداگری لەسەر ئەنجامـدانی هەڵبژاردنـەکان دەکـات ئەمریکایەولایـەنگرە عیراقیەکانیشی بێ ئەوەی واقعیانە بۆئاینده بڕوانن شوێنی کەوتوون, چونکە بەئەنجام گەیاندنی هەڵبژاردنەکانیش هەرسەرئەنجامێکیان هـەبێت, گـرنگ نیـە بەقـەد ئـەوەی زەمینـەی دەوڵـەتو دەستورێك بخولقێنێ کە ئەمریکا مۆری شەرعێتی لێبداوبەڕەسمی بناسێ, لە بەرانبەریشدا دەوڵەتی عیراق شـەرعیەتێکی یاسـاییو مۆڵـەتێکی ڕەسمـی بەمانـەوەی هێزەکـانی ئـەمریکا بـدات, ئەمەش بۆ ئەمریکا گرنگیەکی تایبەتی هەیە بۆئەوەی ڕەقیبە ئەوروپییەکانو(un)و وولاتە عەرەبیەکانیشی پێ دەمکووت بکات, هەر بۆیەشە ئەمریکاوشوێنکەوتووانی لـەپێناوی ئەنجامـدانی هەڵبژاردنەکاندا هەموو مەفاهیمە باووگشتیەکانی دیموکراسیان پێشێل کردووە, تەنانەت بەپێی ئەو یاساگشتیەی کە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مـرۆڤ بۆهـەروولاتێك بـەرەسمی ناسـراوە کـە هەڵبژاردنی تێدا ئەنجامبدرێت پێویستی بەکەشێکی ئارام هەیە, هەڵبژاردنەکانی عیراق ناچنە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی یاساییەوە,ئەمە جگەلەوەی دیسان لـەڕووی یاسـاییەوە هەڵبژاردنـەکانی عێراق نایاسایی دەبن چونکە هێشتا لەژێرچاوەدێری هێزی داگیرکەردایە, دیسانەوە لەڕووی یاساییەوە عیراق خاوەنی سـەرداری یاسـایی **(السیادة القانونية)**ی دەوڵـەت نیـە,هـەتا ئـەمڕۆش بڕیارومەرسوماتەکانی( پۆل بریمەر )لەپاڵ (یاسای کاتی بۆدەوڵەتی عێـراق )حـوکم دەکـەن, تەشـریعاتە دەستوریەکانویاسـاکانی هەڵبـژاردن بەفلتـەری چاوەدێریەکانی بریمەروئەمریکاییەکانـدا تێپەڕیوە, ئەمەش لەڕوی یاسای نێودەڵەتییەوە دەکەوێتە ژێرپرسیارێکی جدیەوە,بەشێوەیەکی ڕوونوسادەتر بڵێین هەموو پرۆسەیەکی هەڵبژاردن پێویستی بەتەشریعێکی یاسایودەستوری هەیە, پێویستی بەسەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردن هەیە,بەڵام هەڵبژاردنەکانی عێراق هێزی یاسایی خۆی لە پڕەنسیبی تەوافوقەوە وەرگرتووە,کەلەنێوان هێزولایەنـە پێکهێنـەرەکانی (ئەنجومـەنی کـاتی) ڕابوردووی حوکموئەمریکیەکاندا مۆر کراوە, تەوافوق لە سەریاساکانی هەلبـژاردن , تـەوافوق لەسـەر یاسـای کـاتی بۆدەوڵـەتی عێـراق ) تـەوافوق لەسـەردیاردەی پێکهێنـانو دیـاری کردنـی (کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان)ئەگەرچی ئەم تەوافوقەی ئەمرۆ ڕەنگە لە ڕووی هەلومەرجی ئێستای عێراق تاڕادەیەك شیاوبێت, بـەڵام لـەڕووی ناوەرۆکەوەولـەڕوی یاسـاییەوە کەوابەسـتەیە بەفلتەریشینی ئەمریکیەوە مەعقولیەت لەدەست دەداتەوە.

ئێمە تەوافوقوتەنانەت هۆکارئەنجامەکانیشی شیناکەینەوە,بەڵکو ووردەکاریە یاساییەکانی هەڵبژاردن بەجێدێلین بۆ پسپۆرەیاسایی یـەکانومافناسو یاساناسـە ویـژدان زینـدووەکان هـەتا شـەنو کەوێکی یاساییوبابەتییانەی باشتر لەملایەنەوە بکەن, ئەوەی کەئێمە بەکورتی پەنجەی بۆدرێژ دەکەین چەندلایەنێکی تری هەڵبژاردنەکانن کە لەیاسـای کـاتی بـەڕێوەبردنی دەوڵـەتدا هـاتووە ,( بەندی چوارەمیمادەی31)ی یاساکەدا, مەرجەکانی بوونە ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی عیراقی دیاری کردووە کەمەرجی خۆپاڵاوتنیشەو دەڵێت :(لەحزبی بەعسی هەڵوەشاوەدا بەپلەی ئەندام فیرقە یان سەروو تر ئەندام نەبووبێت ,خۆئەگەرئەندامێکی کارکەر(عظو عامل) یشبووبێت ئەوادەبێت بەڵگەنامەی پاکانە لەحزبە هەڵوەشاوەکەی بـەعس پڕبکاتـەوە,, یـان ناشـێت فەرمانبـەری دەزگاسەرکوتگەرەکانی پێشووبووبێت وەیاخود ئازاری هاوڵاتیانی دابێت, نابێت لەوانە بێت کە بەشێوەیەکی ناڕەوا لەسەر حسابی وولاتومافی گشتی دەوڵەمەند بووبێت) .جــــــــــــــــوانە !!کۆمەڵە مەرجێکی باشن,بەڵام عەیبێکی تیدایە ئەگەر جێبەجێ بکرێ ئەوادەبێت حزبولایەنە سیاسیەکانی عیراقوکوردستان,لیستەکانیان بکێشنەوەو یان لانی کەم بەلیست دانەبەزن, چـونکە سەرچاوەکانی سەروەتوسامانی ئەم حزبانە لەگەڵ ئەومەرجانەی سەرەوە وێك نایەتەوەو پێکەوە هەڵناکەن, داهـاتی ئابووری سەرچاوەسرووشـتیەکان, داهـاتی کـاروجموحۆڵی بازرگـانی هاوڵاتیـان بووە لەشێوەی سەرانەیەکی زۆرە ملێ وە بووە, نەك وەك باجی خزمەتگوزاری , هەرلایەنەو بەپێی ئەودەسەڵاتە لۆکاڵییەی کەهەیەتی لەناوچەیەکی دیاریکراودا,یاسایەکی تایبەتی خـۆی پـەیڕەو کردووەودەمارە ئابووری وبازرگانە سەرەکیەکانیشیان بۆخۆیـان پاوانکردووەوئەمـەش تـەنها بووەتـە مایـەی خێـرو خۆشـی بـۆحزبو بەرپرسـەباڵاکانیوئەوانیان دەوڵەمـەند کـردووەو تەنانـەت بەشێوەیەکی هێندە نایاساییونا ئاسایی دەوڵەمەندوخۆشگوزەرانی کردوون کە ژیانی ئاساییان گەلێك لەدەوڵەمەندی هەورازتر ڕۆیشتووەو ئەمەش لەکاتێکدابووەکە خەڵکی کوردسـتان لـە خـوار هەژاریو بگرە هەروا کەمێك لەملای مەرگەوە ژیاوە, لەم پێناوەدا سنوورە یاساییەکانیان بەزاندووەوتوانای سیاسیوصلاحیاتی ئیداریوتەنانـەت هێـزی چەکداریشـیان لـەپێناودا بـەکارهێناوە, سەبارەت بەئەندامێتیش لە حزبی بەعسدا بڕیارەکە حاشاحازری لەوکەسایەتیوحزبولایەنانە نەکردووە (کەدەبوو ئەمەی بیرنەچوایە) کەئـەمڕۆ لەحکومـەتی نـوێی عێـراقو لەناوحزبـە سیاسـیە عێراقی یەکانیشدا بەکوردوعەرەبوتوورکمانەوە,گەلێك تاوانباری گەورە گەورە, هەرلەموخابەراتودەرەجەداری ئەمنوئەفسەروموستەشاری ئەنفالچیوبەناوشۆڕشـگێڕی فایلـداروتاوانبارانی تـر کەدەستیان هـەبووە لـە ڕەشـە کـوژیو قـەتڵو عـامو جینۆسـاید کردنـی کوردسـتانوخواروی عێـراق!! ئـەمڕۆ زەقـەی چاویاندێوبەحیمایەو حەصانەی حزبیـەوە, بەبەرچـاووی کـەسوکاری قوربانیانوخەڵکی شەریفوئازادیخوازەوە دێنودەچن, هەروەها ئاماژەیەکی بەو هێزولایەنەسیاسیانەش نەداوە کە لەقۆناغێك لەقۆناغەکانی خەباتیانـدا هاوکاروهاوپـەیمانی بەعسوشـەریك بـوون لەتاوانەکانی بەعسی هەڵوەشاوەدا!! ئەمەسەرەڕای ئەوەی دەزگانهێنیەکانی هەرحزبێك بۆخۆی ئەگەرلەدەزگاکانی بەعس قاسی تروسەرکوتکەرتر نەبن ئەوا بەدڵنیاییـەوە هیچیـان لـەوان کـەمتر نیە,ئایا بڕیارەکە ئەم دەزگایانە ناگرێتەوە؟ ئەو دادگاهەڕەمەکییەی چەقۆبەدەستەکانی سەراسەری عێراق ناگرێتەوە ؟کەلەدەرەوەی یاسای نیودەوڵەتیوبەپێی یاسای دارستان لەسەرکێشەی بچوك بچوك خەڵکی دەکوژنوژیان لەهەموو ئەوکەسانە دەسێننەوە کەوەك خۆیان بیرناکەنەوە ؟! کۆمیسۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانیش مصداقیەتی یاسایی لەدەست دەدات چونکە ئەویش هەربەتـەوافوق

بووە و لەئەندامانی ئەوحزبانە پێکهاتۆتەوە کەبڕیارە لەگەمەی دیموکراسیەتدا لە لستەبراوەکان بنوبێلایەنی سیاسی قبولّ ناکەن, کەواتە لەبەرئەوەی عێراق دەولەتێك نیە خاوەنی سەروەری یاسایی بێتولەمرۆدا سەربەخۆیی سیاسیویاسایی لیٚ زەوتکراوە, توانای ئەوەی نیە گرێبەستوپەیماننامە نێوخۆییونێو دەولەتیەکان بەتەنهاوبەبیٚ فلتەری ئەمریکا مۆربکات, ئەنجامدانی هەلّبژاردنیش بنەمایەکی شەرعیویاساییوحقوقی بۆنامێنێتەوە,هەروەها لەنە بوونی سەربەخۆیشدا بانگەشەکردن بۆئەنجامدانی پرۆسەی هەلبژاردنی دیموکراسیوهەرچالاکیەکی تری سەربەخۆ دەبێتە مەهزەلەیەکی تری دنیای جیهانگیری.

2 /بوونیادی کۆمەلّناسی سیاسی عێراق :

بەروخانی رژێمی بەعس وهەلوەشانەوەی دەولّەتی عێراق پەردە لەسەر ئەوکەلێنو ناکۆکیانەش هەلّدرایەوە کەماوەی 80سالّە دەولّەت کاری لەسەردەکات.وێنەی ئیستای کۆمەلّگەی عێراق هیچ نوقلانەیەکی خیری تێدا نییە, ناسیونالیزمی عەرەبی کەتائیستا لەلایەن هێزەسیاسیەسونیەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێت دروێنەی رەنجی 80سالّەی خۆی دەکات ,وێنەی خەلّك سەربڕینو خۆتەقاندنەوەوهێرش کردنە سرکەنیسەوشوێنەئاینیەکانی کەربەلاونەجەفورفاندنوکوشتنی کوردلەناوچە جیاجیاکان,زیانگەیاندن بەدامەزراوە ئابوریوخزمەتگوزاریەکان پەرەسەندنی راوورووتو دەستدرێژی سێکسی لەسەرژنان..وچەندین دیاردەی تاوانئامێزی تر چیرۆکی رۆژانەی کۆمەلّگەیەك دەگێڕنەوە,کە بونیادوکەلتورەکەی لێوانلێوە لە بەدکاریوتوندتیژیوزەبروزەنگ هەموویەمانە نمایشی دەمارگیرینەتەوەییوەهمی رقێکی ومەزهەبیمان نیشان دەدەن کەتادیٚ لە جۆش سەندندایە,وێناکردنی ژیانێکی ئاراموئاسودەوبنیاتنراو بەگیانی دیموکراسیانە (بەنیازە چەواشەکاریەکانی بۆرژوازیشەوە)لەوەها کۆمەلّگەیەکدا لەخەیالّپلاویش بەولاوەترە,کەلتوریٚ کە هێشتا بەمافەهەرەسەرەتاییەکانی تاكوقبولّکردنی مافەکانی ئەوی تر ئاشنانیەو تا سەر مۆخ دژایەتی لەگەل جیاوازیەکانداهەیە چۆن دەتوانیٚ دیموکراسی بیٚوگرنگی بداتە دەنگی هاولاتیوریٚزی لیبگریٚ؟! کۆمەلّگایەك کە تیایدا نەك هەر هێزە تاریكوسەلەفییەکانی بەلّکو بەناوعەلمانیەکانیشی هەتا ئەمرۆ بەشانازیەوە لەبەردەم کلتوری بالادەست دەچەمێنەوە کەمێژووی لەفتوحاتوتەکفیرودەسەلاتی شمشێرەوە سەرچاوە دەگرێت,کلتورێك کە هەتا ئیستاش پەیوەندی نێوان دەسەلاتوخەلّك سنوری فۆرمی شوانکارەییوسەرداری خێلّی نەبەزاندووە.بەداخەوە ئەمرۆکۆمەلّگەی عێراق لەو کۆمەلّگایانە نییە کەبۆ ئایندە بروانیٚ ,بەلّکو کۆمەلّگەیەکە لەوەهمی مێژووی زێڕینودنیای ئەفسانەوداستانەکاندا دەژیوهەربەم وەهمەشەوە تاکەکانی خۆی گەورەوپەروەردە دەکات ,بەم وەهمەوە فێری سیاسەتیان دەکات, کایەیەکی هەمیشە ئامادەی ئەم پەروەردەوفێرکردنە حزبەسیاسیەکانن, ئەگەر رەهەندەسروشتیەکانی (زمان,مێژوو ,ژینگە...هتد)ی پێکهاتەی کۆمەلایەتی عێراقیان بۆنەتەوەوئاینوکەلتووری جیاواز دابەشکردبێت,ئەوا دەسەلاتی سیاسیوحزبەسیاسیەکان,ئەم جیاوازیودابەشبوونەیان بەجیاکاری سیاسیوکۆمەلایەتی گۆڕیوەوتەغزیەی ئەم کلتورەیان کردووەوئیدی لەسۆنگەی ئەمەوە کوردبوون,یان شیعەوسوونی بوون ومەسیحی بوونو...هتد هەموئەم دەستەواژانە جێگەی شوناسی هاولاتیان گرتۆتەوەو هەرلێرەشەوە ئیمتیازەکانیان دابەشکردووەوبەخەرمانەیەك بەهای ئەخلاقیونەریتیەوە گەمارۆدراوەو رەوشی کۆمەلّگەی عیراقیشیان لەکۆمەلّگەیەکی چینایەتییەوە گۆڕیوەتە سەرکۆمەلّگەیەکی فرە نەتەوەو فرە مەزهەب.ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کایەی سیاسەت زیاترکارلەسەر زەقکردنەوەوبەهێزکردنی ئەوبەهایانە بکات تا ئەو جیگایەی چووەتە نێو کۆنەستی کۆمەلاتییەوە, بەم پێیە ناساندنی عەرەب وەك کارەکتەرێکی توندوتیژی کردۆتە عەقلییەتی عەرەبوکوردیشی وەك دلسافوشەرمن کەدواجار ئەم شەرمنیەی پیٚ بردۆتەناوسیاسەتیشەوە.

مومارەسەی پڕلە زەبروزەنگوتوندوتیژی ناسیونالیزمی عەرەبی ولەمیانیشیدا بەعسیزم وێڕای داغانکردنی یاساودەستووری دەولّەت کەلتورێکی تێکەلاوی لەئایدۆلۆژیای ناسیونالستیوئیسلامی بەهەمهێنا,کەعێراقییەکانی لەسەرئاستی ناوچەکەوجیهان وەك کۆمەلّگەیەکی هەلّگری نەریتی توندوتیژی ناساندولەسەرئاستی عێراقیش,واتە ناوخۆ,کەسایەتیەکی عەرەبی بەرهەم هێنا کە خۆی بەبراگەورە عیراقیەکان دەزانیٚولەرووی سایکۆلۆژیشەوە پڕلەلوت بەرزیوغروری نەتەوەپەرستانە, رەنگە هۆکارێکی لاوازیو نائامادەیی خەباتی مەدەنی وێڕای سیاسەتی سەرکوتگەرانەی دەولّەت,بە ئاسایی تەماشاکردنی کاری توندوتیژیودەستکەوتنی ئاسانی چەك لەلایەكونائاسایی بوونی پەیوەندی نیوان نەتەوەوئاینەکان بووبێت.لێرەوە دەتوانین بلێین :نەریتی دیموکراسیانەو پیرۆزی مافوئازادیەکانی تاك لەنێوکۆمەلّگەدا زۆر بەلاوازی تا نزیك لەسفرئامادەیی هەیە.واتە دیموکراسیەتوهەلّبژاردنوفرەییویەکتر قبولّکردن لەنێو کۆمەلّگەی داخراوی عێراقدا خواستێکی بەهێزوراگەیەنراوی لەسەر نیە,هەلّبەتە حزبە سیاسیەکانیش کەبەرهەمی هوشیاری کۆمەلایەتی هەمان کۆمەلّگەی داخراووکلتوری باون سوودمەندی یەکەمن لە زالّبوونی نەزانیودۆخی وەهاکلتورێکی دواکەوتوو,چونکە دواجار ئەوان فەلسەفەی سیاسی خۆیان لەو جیاکاریوناکۆکیانەوە دەرکێشاوە, هەرچەندە ئەم ململانیٚوناکۆکیانەش بەروالەت وێنای ناکۆکیوجیاوازییەکی ریشەداری فیکریوسیاسیوسەربازی بۆ کێشاوە ,بەلام لەناوەرۆکدا گوتارێکی سیاسی هاوشێوەی بەرهەم هێناوە,بەتایبەتی لەهەرسیٚ گوتاری ناسیونالیستی کوردیوناسیونالستی عەرەبیوئیسلامیەکاندا ئەمە بەدی دەکرێت,تەوەرەی هابەشوسەرکی ئەم سیٚ گوتارە بۆ ئایندەی عێراق لە سەریەکپارچەیی خاکی عیراق دەخولێتەوەوکە حالّی حازر لەحکومەتی ئینتقالی عێراقدا بەو پەڕی سەرسەختیەوە بەرگری لیٚدەکەن, ئەمەش ئەگەر بۆناسیونالیزمی عەرەبوئیسلامی سیاسی خێر بداتەوە بەهێچ شێوەیەك بۆ ناسیونالیزمی کورد خێرناداتەوە,وەك شەریکە بەش لەعێراقی یەك پارچەدا چونکە دواجار ئەو دەبێت جێبەجێکەری ستراتیژەکانی ناوەندی دەسەلات بێت دیارە جێبەجێکەریش هیچ کات بریاردەر نیەلەچارەنوسی خۆی ,ئاشکرایە ناسیونالیزمی عەرەب وەك ئاراستەو رەوتێکی بەهێز لەنێو دانیشتوانی عەرەب نشیندا , لەدژی هەرجۆرە هەولێکی کورد بۆدیاری کردنی چارەنوسیی سیاسی خۆی دەوەستێتەوە, هەروەها ئیسلامیە سیاسیەکانیش بەهەمان شێوە لەپەرۆشیانەوە بۆیەکپارچەیی ئومەتی ئیسلام دژی لەتبوونی هەرووڵاتێکی ئیسلامە ,ناسیونالیزمی کوردیش لەژێرکاریگەری هەمان تێروانینی شۆڤێنزمی عەرەبیو(سیستمی ئایدۆلۆژی ناسیۆنالیزمی عەرەب کەبۆتە بەشێك لەسیستمی ئایدۆلۆژی بژاقی کوردوسەرکردایەتی ئەم بزاقە لەناوچوارچێوەی سیستمی ئایدۆلۆژی نەتەوەی سەردەستدا بۆچارەنوسی خۆی دەگەڕێت)(*) بەم شێوەیە ناسیونالیزمی کوردیش پرۆژەی مافی دیاری کردنی چارەنوسوجیابوونەوە لەعێراقی بەناوی ناواقعی بونەوە بەنادیارییەکی ترسناك سپاردووە, هەروەها لێکچونێکی تری ئەم سیٚ رەوتە, کلتوری سیاسیانە,هەرسیٚ لا مەیلی ئەوەیان هەیە نەریتی خێلەکیو ناوچەگەرێتی بەهێزبکەن, کەدەبینین هەردووسەرکردایەتی ( یەکێتیوپارتی)ش دژایەتی پرۆژەی بەئیسلامبوونی دەولّەتی عێراق دەکەنودەلێن نامانەوێت دەولّەتی عێراق دەولّەتێکی ئیسلامی بێت ئەوهەلوێستەیان لەوێوە سەرچاوەی نەگرتووە کە ئەوان عەلمانینودەولّەتی عەلمانی یەکێکە لەستراتیژی سیاسی داهاتوویان,نەخێر ئەمە دوو هۆکاری لەپشتەوە وەستاوە لەلایەك ترسانە لەوگوتارە شمولیوئایدۆلۆژیەی ئیسلامییەکان کەلەگەلّ خۆیدا تۆوی تاك رەویوتوندوتیژی هەلّگرتووەوجگە لەخۆی کەسی تر قەبولّ ناکات, لەلایەکیتریشەوە جۆرە خۆبردنەپێشەوەوخۆشیرینکردنە لەبەردەم ئەمەریکاییەکاندا, دەنا لە15سالّی حوکمڕانییاندا بینیمان لەگەلّ ئیسلامیەکان چەندە نەرموگونجاوو لەگەلّ چەپوکۆمۆنیستەکانیش چەندە رەقوبیٚ مرونەت بوون. بەلام لەپالّ ئەم لێکچونە ناوەکیانەشدا هەریەکەیان بەئاقاری زەمینەی کۆمەلایەتیاندا خەریکی زەقکردنەوەی جیاوازیەکانودرێژکردنەوەی ناکۆکیە کۆمەلایەتیەکانن وەك ناکۆکی ئاینیونەتەوەییومەزهەبیوخێلەکی کەهەریەکەیان بەستراتیژی سیاسی خۆیان

کاردەکەنو هەمووشیان ئامانجیان گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسییە یان شەریکایەتی لەدەسەلاتدا,ئەوەش ئاشکرایە کە ئەو هێزانە لەرووی زەمینەی کۆمەلایەتیوسەنگی سیاسیشیانەوە هیچ هێزیکیان توانای ئەوەی نیە هێزەکانی تر بسڕێتەوە یان بیانخاتە پەراوێزی رووداوەکانەوەوخۆی ببێتە حاکمی موتلەق ئیدی لێرەوە پرەنسیپی تەوافوقی سیاسی دەبێتە ئەمری واقعو شەریکایەتیەکی ناچاری بێئەوەی هیچ کامیان چارەی ئەوی تری بوێ, هەربۆیەشە تەوافوقەکەیان لەسەرەوەیە بێ ئەوەی بناغەیەکی فیعلی بۆتەوافوقی کۆمەلایەتی دابنێن,کەئەمەیان گەلێك گرنگتروپڕبایەخترە, بەپێچەوانەوە تەوافوقی سیاسی گوزارشتێکی شەفافە لەوەی کەئەم هێزەسیاسیانە وەك متمانەیان بەیەکتری نیە متمانەیان بەئایندەش نییە.

بەراوردکردنی ئایندەی عێراق بەبەدیموکراسیەتی لوبنان یان ئەندەنوسیاووەك هەندێك ڕۆشنبیری عێراقی وێنای دەکەن ,لێکچونو وپیادەکردنی ئەزموونی ئەودوولاتە لەگەل عێراق بەروردێکی ناتەواوو ناجۆرە, چونکە پێکهاتەی کۆمەلایەتی لوبنان لەزۆرایەتیەکی خێلەکی,ئاینی یان نەتەوەیی پێك نەهاتووە هەتا زۆرایەتی هەرگروپێك ببێتە مایەی هەرەشە بۆکەمایەتی گروپێك یان چەند گروپێکی دیاریکراو. ئەمەجگەلەوەی لە لوبناندا جینۆسایدوسڕینەوەی شوناس رووی نەداوە,جیاکاریوستەمکاری بەشێوەیەکی سیستماتیکی تێدا بەرێوە نەچوە, بۆیە عێراق نابێت بەلوبنان هەروەها ناشبێتە ئەندەنوسیا چونکە ئەندەنوسیا هەرچەندە لەرووی رێژەی دانیشتوانیەوە گەورەترین وولاتی ئیسلامیەبەلام ئیسلام وەك بیروباوەروکەلتوری ئاینی جیاکراوەتەوە لەشوناسی نەتەوەییو کاری نەکردووەتە سەرئینتمای تاك بۆ وولاتو نەتەوەکەی واتا هاولاتیەکی ئەندەنوسی بەئاینەکەیدا ناناسریتەوە بەلکو ئەو شوناسێکی نەتەوەیی هەیە بەلام لەعێراقدا هەلومەرجەکە شێوەیەکی ترە بەو پێەی عەرەب زۆرینەی دانیشتوانی عێراق پێك دەهینن, هەرجۆرە نزیکایەتیەکی دەستورویاساکانی بەریوەبردن لەئیسلام راستەو خۆ هەستینەتەوەیی عەرەبی دەوروژێنێ, لەبەرئەوەی ئیسلام بووەتە شوناسێکی کەلتوریوژیاری وشارستانیەتی عەرەبی لەسەروەستاوە, واتە ئاوێتە بوونی ئیسلام بەشوناسی نەتەوەیی بەئەندازەیەکە ئەستەمە ناسیونالستێکی عەرەب بەبێ ئیسلام بتوانێ وێنای خۆی بدۆزێتەوە, بۆیە هەرقسەکردنێکیش لەسەر ئیسلام بەتایبەتی ئەگەر لەدەرگاکانی رەخنەوە بێت ئەمە بەهەڕەشەکردنوسوکایەتی بەعەرەبومێژوو کەلتوری پیرۆز لەقەلەم دەدات,بۆیە واچاوەروان دەکرێت وێڕای تەوافوقی هێزەسیاسیەکانیش لەسەردەستوری تازەی دەولەت بەلام بیری نەتەوەپەرستیوئاینی قورسایی خۆیان لەسەر دەستوردابنێنو لەعێراقی نوێشدا دەستورێکی تەندروست بەرهەم نەهێنن,لەم گۆشەنیگایەشەوە بێمتمانەیی هاولاتی کورد بەهەلبژاردنوئایندەی عێراق لاوازدەبێت ,ئەوبێمتمانەییەش بەئەندازەی نائامادەیی وەرچەرخانێکی فکریوکۆمەلایەتیە لەعەقلییەتی عەرەبی عێراقدا بەرەو بنیاتنانەوەی عێراق بەولاتێکی مەدەنیو دەولەتێکی عەلمانی, هەلبەت مانەوەی ئەمریکاش لەعێراق نەك هەرگرنگیەکی ئەوتۆی نابێت بەلکو ئامادەبونیشی نێگەتیڤ دەبێت لەعێراق چونکە ئەمریکا بەرژەوەندیە ئابووریوسیاسیەکانی خۆی پیش بەها ئەخلاقیومرۆڤایەتیەکان دەخات(ئەمە ئەگەر بەهایەکی ئەخلاقیومرۆڤانە لەسیاسەتی ئەمەریکیدا مابێتەوە) ئەمریکا هیچ کات پیوەرێکی چەسپاوی نیە بۆپیناسەکردنی دیموکراسیەت ودیکتاتۆریەت,پیوەرێکی چەسپاوی نیە بۆ تیرۆریزمودژەتیرۆریزم و دەشێت ئەمریکا بەئاشکرا لایەنگری دەولەتێکی ناسیونال مەزهەبی بکات لەعێراقدا ,دەولەتێك کەهیچ تایبەتمەندیەکی دیموکراسی لەخۆنەگرتبێ بەلکو بەپێچەوانەوەوە خەریکی تیرۆریعەقلی هاولاتیە هۆشمەندوپێشکەوتنخوازەکان بێتو بە دەولەتێکی دیموکراسیی لەقەلەمیبداولەبەرەی دژەتیرۆریزمدا پیناسەیەکی بۆ بدۆزێتەوە ,هەرگیز بەلای ئەمەریکاوە گرنگ نیە یاساودەستورە نێوخۆییەکانی عێراق چۆن دەبنو کورد یان شیعە یان هەرلایەکی ترتێییایدا زەرەرمەندوبەش خوراودەبن , گرنگ ئەوەیە ئەم دەولەتە نوێ یە ئینتمای سیاسیوئابوری ئەمریکا نەدۆڕێنێ,بۆیە هەقی خۆمانە بپرسین ئایا عێراق بەرەو دیموکراسیەت دەڕوا ؟ئایا عێراق دەبێتە وولاتێکی دیموکراسی؟ئایادیموکراسییەت لەزهنی کۆمەلگەی عێراقیدا ئامادەیە؟ سەرەڕای ئەودووتایبەتمەندیانەی سەرەوەش هێشتا ئاستەنگی زیاترلە ڕیدان بۆ دیموکراتیزەکردنی عێراق.

دانانی دەستورێکی لیبرالوچەساپاندنی یاسا ,هەروەك فرێد زەکەریا دەلێت : پێشمەرجی دیموکراسی وهەلبژاردنەکانن چونکە لەوحالەتەدا متمانەودلنیاییەکی باشتر لەئارادا دەبێت بۆدەنگدان وبیناکردنی ئایندە ,بەلام وەك ئاماژەمان پێدا لیبرالیزم لەڕوویسیاسیەوە ئامادەییەکی لاوازوپەراوێزی هەیەولەنێوکۆمەلگەشدا پێشوازی لێناکرێ,هەروەها ئاستەنگێکی تری بەردەم دیموکراسی وجودی نەوتە کەفرید زەکەریا بە نەفرەتی نەوت ناوی دەبات,رای وایە ئەو ولاتانەی کە کۆلەکەی قایمی ئابوورییان لەسەرهەناردەی نەوت ڕاوەستاوەوپشت بەسامانی نەوت دەبەستن بۆیە لەمۆدێرنیزەکردنی کۆمەلگەکانیانوتازەکردنەوەی یاساکانوبیناکردنی ئابوری بازاڕ خۆیان هیلاك ناکەن, چونکە دەستکەوتی ئەوان داهاتێکی ئامادەیەوبەهەولوشارەزایی بەدەست نایەت, لەم گۆشەنیگایانەوە گەشبینی بەئایندەی عێراقوچاوەڕوانی دیموکراتیزەکردنی وەهمێکەولەوەش خراپتر چونە نێوپرۆسەی هەلبژاردنوبەشداری کردنی ئەوگەمەیەی ئەمڕۆیە لەژێرناوی هەلبژاردندا بەرێوە دەچێت لە کاتێکدا کە سیناریوکان چەندمانگێك لەوەوپێشتر ئامادەکراونوکورسیەکان دابەشکراون خۆکاندید کردنیش بەناوی جیاجیای وەك لستی دیموکراتیوبێلایەنو سەربەخۆو شتی لەم بابەتەوە هەولێکە بۆ ئارایشتکردنو شاراردنەوەی ڕووی دزێوی ئەو گەمەیە.

## ئامادەیی هاولاتیان لەدەنگداناو نائامادەییان لەبڕیاردا.

لەڕوالەتدا وادەردەکەوێت کەهاولاتی رۆلی کاریگەروگرنگ بگێرێت لە هەلبژارنەکاندا,گوایە دەنگ بۆنوێنەری کاندیدکراوی خۆی دەدات,تانوێنەرەکەی لەدەسەلاتی هەلبژێردراودا نوێنەرایەتی ئەمی هاولاتی دەنگدەر بکات!ولانی کەمی خواستەکانی بەدی دێنێ,لەدیموکراسیە کۆنوتەقلیدیەکاندا هاولاتی دەنگدەر چەند لیستێکی دەخرێتە بەردەست,تاکو لەنێویاندا لیستێك یان لایەنێك هەلبژێرێ,لەم جۆرە دیموکراسیانەدا هەم دەسەلاتداروهەم ئۆپۆزسیون هەنوخەریکی دووبارەکردنەوەوچەندبارەکردنەوەی ئەم گەمەیەن,بەلام لەم دیموکراسییەتە ناوازەیەی عێراقدا کەدەستودیاری ئەمریکایە هێشتا گەمەکە بەم شێوە کلاسیکیوتەقلیدیەش نییە! چونکە لەم وولاتەدا ئۆپۆزسیۆن نیە واتە دەنگدەر چەند ئیختیارێکی لەبەردەمدانیە تایەکیکیان هەلبژێرێ ,وەزعی سیاسی لەعێراقدا بەجۆریکە کە ئەو هێزانەی بانگەشەی دیموکراسیەت دەکەن خۆیان خالێن لە مەعریفەی دیموکراسی, ئەوان هێشتا کۆمەلە هێزێکی نادیموکراسینو ناوی دیموکراسیان لەخۆ ناوە ئەوانە هێزی تۆتالیتارینو بگرە سەریان لەدیکتاتۆریەتیش دەخورێ,هەربۆیەشە لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیاندا ڕیگابەدەرکەوتنی ئۆپۆزسیونێکی ئەکتیڤ وپرۆژەی سیاسیی جیاواز نادەن, جیاواز لەم هێزانەش فاکتەرێکی جدیتریش لەسەرهەلنەدانی ئۆپوزسیونی راستەقینە بەپرۆژەی سیاسیی نوێوە ئەمریکایە,چونکە هەموو ئەوهێزەسیاسیانەی کەئێستا لەئارادان ئەمریکا دەستەمۆی کردوونوهەمووشیانی بەم یان بەوشێوەیە ئەزموون کردوە, بەتایبەتی لەم هەلومەرجەدا دەرکەوتنی سەروسیمای هەرهێزێکی سیاسیی کە خاوەنی پرۆژەی جیاوازبێت لەوەی کەلەئەجندای ئەمریکادایە,ئەم زلهێزە دەخاتە مەیدانی ململانێیەکەوە, کە وەلامە حازربەدەست(مجهز)ەکانی ئەووهاوپەیمانەکانی ناتوانن قایلی بکەن ,چونکە ئەمریکا وابەئاسانی دەستبەرداری قومارێك نابێت کە ئەمرۆ تیایدا سەرکەوتووە,و لەبردنەوەی قومارەکەشدا بەشەرتی رزگارکەر نەك داگیرکەر لەلایەن هێزە عیراقیەکانەوە لێی دەربازبێت, هەروەك ئەمرۆ بانگەوازکردنی خەلکی بۆبەردەم سندوقەکانی دەنگدان چ لەلایەن سەرکردەی حزبێکی عەلمانیەوە یان لەلایەن مەرجەعێکی گەورەی دینیەوە بێت هیچ لەو راستیە کەم ناکاتەوە کەهەردولا بانگەشە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاوپرۆژەوئەجندای ئەمریکا دەکەن لەعێراقدا,بەلام ئەمەش بەناوی شەرعیەتدان بەدەستوری ئایندەی عیراقوەئەنجام دەدرێت, ئامادەبوونی خەلکی لەدەنگداندا بیانویەك دەبێت بەدەست

دەوڵەتی عێراق‌ودەسەڵاتی ئایندەوە, بۆوەڵامدانەوەی هەرجۆرە نارەزایەتیەك بەبەرنامەوسیاسەتەكانی دەوڵەت گوایە هەموو ئەمانە شەرعین چونكە پەسەندكراوی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خەڵكن, بەڵام خۆیان لەو حەقیقەتە دەدزنەوە كە نوێنەرەكان هەلبژێردراوی خەڵك نین بەڵكو پیشتر بەرلەوەی خەڵكی بچنە بەردەمی سندوقەكانی دەنگدان ئەوان دیاریكراون‌ولەلایەن حزبەكانەوە دانراون, ئەمەش دەكرێت بەرجەستەكەری پڕاوپڕی ئەو بۆچوونە بێت كەدەڵێت : مەڕەكان مافی هەڵبژاردنی شوانەكەیان هەیە ,بەڵام دواجار هەرمەڕیشن. كەوایە هاوڵاتیان لەڕاستیدا تەنها دەنگدەرێكی ئاڕاستەكراون بەرەوسندوقەكانی دەنگدان بۆگێڕانی رۆڵێك كە ئەوپرۆسەیە تەواو دەكاوئەمەش ناو دەنێن پرۆسەی دیموكراسی ! بەڵام یەكێك لە ئیشكالیەتەكانی دیموكراسیەت وەك ئاماژەمان پێدا بەكارهێنانی دەنگی هاوڵاتیی یەو كردنیەتی بەئامرازی گەیشتن بەكورسیەكانی دەسەڵات , وەرگرتنی پۆست‌وئیمتیازە لەسەر حسابی پیویستیە ئابوری‌و سیاسی‌و كۆمەڵایەتیەكانی خودی هاوڵاتی ,بەڵام تێروانینە هەرە سادەوساكارەكەی هاوڵاتیان كەنیگەرانن لە چونە بەردەم سندوقەكانی دەنگدان لەبەر ئەوەیە كە كۆمەڵە كەسانێك لەسەر حسابی دەنگی ئەم‌وئامادەبوونی ئەم نەبنە خاوەنی ئمتیازی كۆمەڵایەتی‌وسیاسی ,ئەمی هاولاتیش تەنها ببێتە تەماشاكەر. ئیشكالیەتەكەش لەوە دایە كەپاش تەواوبوونی پرۆسەی دەنگدان دەنگدان‌وهەلبژاردن‌و سەركەوتنی ئەوكاندیدانەی كە هاوڵاتی دەنگی پێداون دەبنە نوێنەری,بەڵام واباوە كە كاندیدەكان نەلەحاڵی دەنگدەران دەپرسنەوەونەخۆشیان بەبەرپرسیاری بەدەمیان دەزانن,بەڵكو ئەوانیش دەبنە كۆمەڵەكەسێكی جیاواز لەخەڵكی‌وهەروەك بەرپرسانی حزبی‌وحكومی لەئیمتیازدا خاوەنی هەموو ماف‌وسەروەریەكن‌ولەواجبیشدا بێدەربەست‌وخەمساردن,بۆیە نوێنەری هەڵبژێردراو لەجیاتی راپەڕاندن‌وجێبەجێكردنی بەڵێنەكانی پیش هەڵبژاردن, دەبینین ئەرك‌وسیاسەتێكی تر جێبەجێدەكات,كەدورن لەخواست‌وپیداویستیەكانی خەڵك. ئەمەش لەوێوە سەرچاوە دەگرێت.كەسیستم‌ومیكانیزمێك نیە بۆلێپێچینەوەی نوێنەران. ئەوەی تائیستا هەبووە تەنها لێپرسینەوەی حزب بووە,ئەویش نەك لەبەرئەوەی نوێنەرێكی باشی خەڵكی نەبووە,بەڵكولەبەرئەوەی نوێنەرایەتی حزبی باش نەكردووە, چونكە ئەومنەتباری حزبەوئەگەر حزب نەبوایە ئیمتیازوبەرپرسیارێتی بەخۆیەوە نەدەبینی, كەوایە ئەو بەرلەوەی ناوی نوێنەری جەماوەربێت نوێنەری حزبەكەیەتی‌ودەبێت لەپیش هەرشتێكی ترەوە وەفاداری حزب بێت,رەنگە لەم لایەنەشەوە بێ پاساو نەبن‌وبڵێین باجارێكی تر هاوڵاتیان دەنگ بەنوێنەرە خەمساردەكان نەدەن .بەڵام ئەمەش كلاونانە سەرێكی ترە چونكە لەوەها حاڵێكدا كارلەكار ترازاوە,تازە بەچی دەچێت كەنوێنەری هەڵبژێردراو بووبە خاوەنی كۆمەڵێك دەستكەوت‌وئیمتیازاتی سیاسی وئابوری وخواردنی موچەیەكی خۆڕایی ؟!مەگەرچونە سەركورسی‌وموچەخۆری خۆڕایی هەرلەسەرحسابی خەڵك‌ودەنگی خەڵك نەبووە؟ ئایا لەمێژووی سیستمی پەرلەمانی‌ودیموكراسیدا هەتائەمڕۆ ڕووی‌داوە سەروەت‌وسامانی نوێنەرانێك كە بەشێوەیەكی نامەشروع ونایاسایی‌ولەسەرحسابی پۆست‌وكورسیەكەی پێكیهیناوە دەستی بەسەردا گیرابێ‌وخرابیتەوەخزمەتی دامەزراوە رۆشنبیری‌وخزمەتگوزاریەكانی كۆمەڵگە؟ بۆیە :

1.پاساوی دەنگ نەدانەوە بەنوێنەری سەرپێچی كار هیچ گرەنتیەك نابێت كە ئیتر نوێنەرانی تر خەمخۆری هاوڵاتیان دەبن,هەروەها گرەنتی ئەوەش ناكات كەئەوانە لەكورسی دەسەڵات بێنە خوارەوەلەبەرئەوەی فرت‌وفێڵ‌و(حیلەشەرعی) دیموكراسی هێندە زۆرن كە چاوبەستە لەهاوڵاتیان پێ بكەن,ئەمە جگەلەوەی هەمان ئەو نوێنەرانە بەئاسانی دەتوانن سود لەكەناڵەكانی ڕاگەیاندن‌ودارایی وەرگرنەوەوجارێكی تریش گەمەی دەنگ كڕین دووبارەبكەنەوە,هەروەك لەئیستادا دەبینین,كاندید كردنەوەی كەسانی گومان لێكراوی وەك كۆنە بەعسی‌وئەنفالچی بەو هەمووتاوانانەشیانەوە لەوەناترسن دەنگ بەدەست نەهێننەوە,بەبێ پاساو خراونەتەوە ناولستە جۆراوجۆرەكانی كوردستان‌وعێراقەوە,ئەمە ئەگەر ئەوگریمانەیەش وەرگرین كە ئەو كەسانە هیچ دەستێكیان لەتاوانی ئەنفال‌وجینۆسایدكردندا نەبووەو رۆژگارەتاریكەكانی دەسەڵاتی بەعسدا چاكەیان زۆرتر بووە لەخراپە(هەرچەندە ئەمە گریمانەیەكی دوورە) تەنها وەك رێزێك بۆهەستی خەڵكی كوردستان دەبوایە بەیاسایەك خۆهەڵبژاردنی ئەو جۆرەكەسانە رێگەی لێبگیرایە,نەك حزب دەست پێشخەر بێت لەهەڵبژاردنیان!

2.دیموكراسییەت‌وسیاسەتی بازاڕی ئازاد لەسەربناغەی ئیحتیكاری پایەكانی ئابووری‌وناوەندی دەسەڵات‌وسیاسەت‌ودەزگاكانی ڕاگەیاندن بەڕێوە دەچێت (لەبەر ئەوەی زۆربەی سیستمە دیموكراسیەكانی ئەمڕۆ سەرمایەدارین ,بۆیە ئەم جۆرە دیموكراسیانە بەكردەوە لایەنگری چینە داراوموڵكدارەكانن,دەنگەكانیش لەوەها حاڵێكدا وەك هەركاڵایەكی تر كڕین‌وفرۆشتنیان پێوەدەكرێت,بۆیە موزایەدەچیەك دەتوانێ زۆرترین دەنگ بكڕێ‌وبراوە دەرچێ,بەم شێوەیە كەمینەیەكی كەم لەبازرگان‌وسەرمایەداری گەورە دەنگەكان دەكڕن‌ودواجاریش جڵەوی حوكمڕانی بەدەستەوە دەگرن,هەروەها چاپەمەنی‌وتریبۆنەكانیشیان لەبەردەستدایە,بەمەش دەتوانن,پارێزگاری لەبانگەشەوسیاسەتەكانیان بكەن )* دواجاریش لەدیموكراسیەتدا ژمارەی دەنگەكان حساب دەكەرێن نەك بارستاییان.

ئەوەی ئەمڕۆ سەبارەت بەهەڵبژاردنەكانی عێراق لەلایەن یەكیتی‌وپارتی‌وحزبە بچوكەكانی تریش ڕایدەگەیەنن,گوایە لەم هەڵبژاردنەدا بەشداری كردنی زۆرترین ڕێژەی دەنگدەری كورددەبێتە مایەی دەستكەوتی زیاتری سیاسی‌وئابوری بۆخەڵكی كوردستان,لەبنەڕەتدا پێچەوانەی پرەنسیپەكانی دیموكراسیە,چونكە مافەدیموكراسیەكانی هاوڵاتی لە كۆمەڵگەیەكی فرەنەتەوەوفرەكەلتوردا نەوەستاوەتە سەرچەندایەتی‌وریژەی دەنگدەرانی,بەڵكونەتەوەوكەلتورەكان مافی یەكسانیان هەیە,لەڕووی سیاسی‌وئابوریەوە,لەلایەكی تریشەوە ئەم دەربڕینە گومانی هاوڵاتی عیراقی زیاتر دەكات لەوەی كەعێراق ببێتە وڵاتێكی دیموكراسی,لەڕاستیدا ئەم هەڵبژاردنەی حزبەكوردیەكان بەگەرمیەوە بەرەوپیری دەچن نەك ژیانی خەڵكی كوردستان باشترناكات,بەڵكو بەرەوئایندەیەكی خراپتری دەبات لەوەی كەئێستا هەیە,لەبەرئەوەی گەڕانەوە ژێر سایەی دەوڵەتی عێراق لەهەرفۆرمێكدابێت لەرۆژگارێكی وەك ئەمڕۆدا لەبەرژەوەندی كوردوگەلانی تری عێراقدانیە چونكە ئەمە دوبارە سەلماندنەوەی ستراتیژی شۆڤێنیزمی عەرەبیە, قبوڵكردنەوەی سەروەریی عەرەبە بەسەركوردوگەلانی تری عیراقدا, درێژەدانەوەیە بەخوێن لەبەر ڕۆیشتنەوەی گەلانی عێراق بەگشتی‌ورۆڵەكانی كورد بەتایبەتی , بۆیە دەبوایە ئەم دەنگدانەی ئێستای خەڵكی كوردستان بۆیەكلایی كردنەوەی چارەنوسی سیاسی خۆی بوایە,لەسەرمانەوەونەمانەوەی لەچوارچێوەی عێراقدا,بەڵام كە پرۆسەكە ئەمە نیە, ناشێت كەمی دەنگدەرانی كورد ببێتە مایەی كەمی بودجەی هەرێمی كوردستان‌وپلەدوویی كوردلەرووی سیاسیەوە,چونكە لەسیستمی دیموكراسیدا ناشێت پلەدوویی بەرووخساری كۆمەڵگەوە دیاربێت نەلەرووی ئابورییەوەونەلەرووی سیاسی‌وسەرخانی كۆمەڵایەتیەوە.بەڵكو بەپێچەوانەوە مافەكان یاسایی دیاری دەكرێن‌ویاساكانیش بەشێوەی مۆدێرن‌وپێشكەوتوو دادەڕێژرێنەوە.مافە سیاسیەكانی كوردیش لەدەرەوەی سنوری جارنامەی گەردوونی مافەكانی مرۆڤدانین‌وئەمەش لەمێژووی دروستبونی یەكەم دەوڵەتی عێراقەوە دانی پێدانراوە,كەچی ئەمڕۆشی لەگەڵدابێت فەرامۆش كراوە! ئەوەی كەپرسیاری جدیە ئەوەیە بەشداری كورد لەهەڵبژاردنەكانی عێراقدا جا بەرێژەی كەم بێت یان زۆر چۆنە؟ ئەودەستورەی كە دەنوسرێت چەندەمافەكانی كوردلەبەندوبڕگەكانی خۆیدا دەسەلمێنێ بەمافی چارەنوسیشەوە ؟ مافەكانی هاوڵاتیەكی كورد لەعێراقی ئایندەدا چۆن‌وچین؟ لەراستیدا ئەمانە پێویستیان بەوەڵامی تێروتەسەل هەیە نەك ئەوەی رێژەی بودجەوپارەی دابینكراو لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە بۆبەكارهێنان‌وخەرجكردنی لەلایەن فەرمانڕەواكانی كوردستانەوە لەبری خەرجكردنی بۆهاوڵاتیان لەسەدا چەندە؟! لێرەوە پرسی ئامادە بوون‌ونەبوونی هاوڵاتی لەبەردەم سندوقەكانی دەنگداندا گرنگی خۆی دەبێت,ئامادەبوون بۆلێدانی ئیمزای پشتگیری‌وڕەزامەندی لەسەرلست‌وسیناریو ئامادەكراوەكان یان ئامادەبوون بۆ دەنگدان

لەسەردیاری کردنی مافی چارەنوس, نائامادەبوون وبایکۆک کردنێکی نێگەتیڤانەی هەڵبژاردن یان نائامادەبوونێکی ئەکتیڤ ومانادار؟ هاوڵاتی کورد چۆن مانا دەدات بەدەنگدانی خۆیو چۆنیش مانا دەدات بەدەنگ نەدانی.

---

پەراوێزەکان :

(*) (کۆماری یەکەم لە14ی تەموزی 1958 دەستپێدەکاوله 9ی نیسانی 2003بەروخانی بەعسیەکان کۆتایدێت.تایبەتمەندیەکانی ئەم قۆناغە,کودەتا سەربازیەکان و تاکڕەوی لە دەسەڵاتداونەبونی پلورالیزم و دیموکراسیەت,جینۆسایدوسەرکوتی سیاسیە ..هتد

---

بۆنوسینی ئەم ووتارە سوود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە :


- بنیادهای عالم سیاست.......عبدالرحمن عالم
- مقدمات سیاست .......ستیڤ تانس
- ئیمپراتۆریای لم ............رەفیق سابیر
- جلب اللیبرالیه والدیمقراگیه الی العراق.....فرید زکریا
- القوه القانونیه للانتخاب فی الدستوروالقانون ...المحامی حمید حارپ الساعدی